هاوڕێکارێکی سودانی: نرخی دۆلار زیاتر دادەبەزێت

هاوڕێکارێکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا دابەزینی زیاتری بەهای دۆلاری بەرامبەر دینار ئاشکراکرد.

فادی ئەلشەمری، هاوڕێکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق، محەمەد شیاع سودانی پێشبینی دەکات بەهای دۆلاری ئەمریکی هوو لە دابەزینی زیاتر بکات بەرامبەر دیناری عێراقی.

فادی ئەلشەمری لە لەدوانێکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاند، نرخی دۆلار زیاتر دادەبەزێت، بەگوێرەی خواست و خستنەووی بازاڕ.

ئاماژەی بەوەشکردووە، %70ی بازرگانانی عێراق مامەڵە لەگەڵ پلاتفۆرمە ئەلیکترۆنییەکاندا دەکەن، لەکاتێکدا بەراورد بە پێشتر ڕێژەکەی %10 بەرزبووەتەوە.